DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi12.2

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# شارەزوور
# لە دەقەکانی ئاشوورناسرپاڵی دووەم٨٨٣-٨٥٩ پ.ز دا

## (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-رامیارییە)

م ی فاتیح عبدالله محمد

fatihabdulah985@gmail.com

بەشی زانستەکۆمەڵایەتیەکان-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی/زانکۆی سلێمانی

## پوختە

توێژینەوەکە بەناونیشانی (شارەزورلە دەقەکانی ئاشورناسرپاڵی دووەم٨٨٣-٨٥٩ پ.ز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-ئابوری -رامیارییە) باس لەشارەزور دەکات لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئاشورناسرپاڵدا. لەبەر دەوڵەمەندی ناوچەکە بەکەرەسەی سروشتی و گەنم و جۆ و سەرچاوەکانی کەرەستەی ژیان وشارستانیەت بووەتە جێی چاوتێبڕینی هێزەکانی گەلانی بێگانە. بە شێوەیەکی تایبەت ناوی لە تۆمارکراوەکانی گەلانی جیا جیادا هاتووە وەک سومەر و بابل و ئاشور. ئەوەی لێرەدا جێی بایەخ وشیکردنەویە ئەوەیە ئەم هەرێمە وەک مەڵبەندێکی رامیاری و شارستانی و دەوڵەمەند مامەڵەی لەگەڵ کراوە بەتایبەتیش لەسەردەمی پاشای ئاشورناسرپاڵی دووەم دا، بەشێوەیەکی بەربڵاو ناوی شوێن و هەرێم و شاخ و روبار و سەرکردەکانی ئەم ناوچەیە لەسەرچاوەمێخیەکانی ئەم پاشایەدا باس کراوە. ئەم گرنگی دانەی ئاشورناسرپاڵ بەم ناوچەیە وسوربوون لەسەرداگیرکردنی و بەرگری کردنی خەڵکەکەی لەلایەکی ترەوە، هەروەها دەوڵەمەندی وگرنگی ئەم ناوچەیە لەرووی ئابوری ورامیاریەوە، ئەوماوەکورت وپڕهێرش ودەستکەوتانەی ئاشورناسرپاڵ وباسکردنی ئەم ناوچەیە بەوردی، هۆکاری نوسینی توێژینەوەکە بوون. ئامانجی توێژینەوەکەش خستنەرووی لایەنی گرنگی ئابوری ورامیاری وسەربازی وبایەخی شوێنی شارەزورە لە لای پاشایەکی بەهێزی وەک ئاشورناسرپاڵ، ئەمەش بایەخێکی زانستی ومێژووی وشارستانی گرنگی هەیە بۆکوردستان. میتۆدی توێژینەوەکەش لەسەر بنەمای میتۆدی شیکاری میژووی هارفارد نوسراوە، دابەشکراوە بۆ دوو باسی سەرەکی: یەکەم/ شوێنی شارەزور وەک ناوچەیەکی گرنگ لای ئاشورناسرپاڵی دووەم. دووەم/ ململانێی سەربازی ئاشورناسرپاڵ و دەستەڵادارانی ناوچەکە بەپێی دەقەکان.

**کلیلی وشەکان: مێژووی دێرینی کوردستان ، شارستانیەتی کوردستان، مێژووی کورد.**

Recieved: 2/11/2021
Accepted: 23/12/2021



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## باسی یەکەم/ شوێنی شارەزور وەک ناوچەیەکی گرنگ لای ئاشورناسرپاڵی دووەم:

شارەزور بە ناوچەیەکی گرنگی فراوان دادەنرێت، بریتیە لە دۆڵێکی فراوانی کراوە، هەریەک لەزنجیرەشاخەکانی قەرەداخ و بەرانان دەکەوێتە لای باشوری رۆژئاوایەوە، هەروەها لە باکوری رۆژهەڵاتیشەوە زنجیرەشاخاکانی زاگرۆسە، لەلایی باکوری رۆژئاوایشەوە هەریەک لە شاخی ئەزمەڕ وپیرەمەگرون وسورداش وزێی بچوکە، بەم شێوەیەش دەکەوێتە باکوری میسۆپۆتامیاوە و لە شوێن وپێگەیەکی گرنگدایە.( سپایزەر بەم شیوەیە باسی شارەزور (Mark Altweel ; p٢,٢٠١١-٢٠٠٩ دەکات، وەکو ناوچەیەکی گرنگی مێژووی وکۆن ناوی دێنێت ودەڵێت: (شارەزوور دەکەوێتە دۆڵی تانجەڕۆوە، بەزنجیرە شاخ و بەرزایەک دەورەدراوە وەک پیرەمەگرون، ئەزمەڕ، گوێژە، بەرانان ،گڵەزەردە ، قەرداخ ، بەرزایەکانی دیالە و هەورامان، هەروەها زەڵم بە ناویدا دەڕوات تا دەگاتە سیروان و تانجەڕۆ، ئەم دەشتە لە نێوان هەڵەبجە بەرزنجە و سلێمانیدایە، لەسەردەمی ئاشورناسرپاڵدا ناوی بە زاموا هاتووە، ئەم ناوچەیەش پڕ لەشار و گوند و قەڵا ی کۆن و مەڵبەندی کشتوکاڵی بووە) (Speiser E A. ١٩٢٦), pp. ١٤-٤١ ) ئەمەش گرنگبوونی شوێنی جوگرافی شارەزوورە.

بڕوانە نەخشەی ژ(١). لەروی کەس وهەواوە، کەش وهەوایی ئەم هەرێمە هەمان کەشوهەوای دەریای ناوەڕاستی هەیە، زستانی سارده و هاوینی گەرمە، وەرزی باران بارینی لە نێوان مانگی (١٠) بۆ مانگی(٥)ە، ساڵانە بڕی (٧٠٠بۆ٩٠٠ملم) بارانی لێدەبارێت، دەشتێکی پان و بەرینە،دەوڵەمەندە بە خاک و ئاو و کشتوکاڵ ودار ودانەوێڵە و سەوزایی،ئەم تایبەتمەندیەشی ( Mark Altweel :p٣,٢٠١١-٥ بایەخی ئابوری و کاریگەری شارەزوری زۆرترکردوە.(. شارەزوور لە سەردەمە مێژوویەکاندا هەم کاریگەری وهەم شوێنێکی گرنگی هەبووە لە لای گەلانی دەستەڵاتداری میسۆپۆتامیا و ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی، بەردەوام ململانێی لەسەربووە، زۆرجاریش سەربەخۆبووە، لە هەزارەی سێیەمی پێش زاین تا کۆتایی هەزارەی یەکەمی پێش زاین لە سەردەمی هەموو دەوڵەتەکاندا بایەخ وگرنگی خۆی هەبووە، لە رووی جوگرافی ومێژوویەوە، هەروەها ناوەندێکی گرنگی ئابوری بووە، خاڵی بەیەک گەیشتنی نێوان ( Mark Altweel ; p٤٣,٢٠٠٩) میسۆپۆتامیا و زاگرۆس و ناوچەکانی تر بووە. هەربۆیە لەسەردەمی سومەریەکانەوە رۆڵی خۆی هەبووە بە چەندین شێوەی جیاواز ناوی تۆمارکراوە، بۆنمونە لەسەردەمی سومەر و ئەکەدیدا بە شانشینی(سیموروم )(١) ناوی هاتوە، ئەم ناوە بۆناوچەی شارەزوور ودەوروبەری بەکارهاتووە، کە سنورەکەی لە نیوان زێی بچوک ودیالەدا بووە، نامەکانی پاشای سیمورم لە شاخی کینیپا-نیشپا(٢) پاڵپشتی ئەم باسە دەکەن، هەروەها ئەم هەرێمە بەناوی (لوللوبوم)(٣)یش هاتووە لەلای ئەکەدیەکان وەکو لەنوسراوەکانیاندا باسی خەڵکی (سیموروم ولولوبوم) دەکەن کە دژیان جەنگاون، هەربۆیە شوێنی ئەم خەڵکانە بەشارەزوور دادەنرێت بەپێی دەقەکانی نوزێ، لەسەردەمی بابلی کۆندا، بەتایبەتی دوو بنەماڵەی وەک (ئیسن ولارسا) دا بە هەمان شێوە بووە، ئەم ناوەش( سیموروم) لە سەدەی (٢٤پ.زتا سەدەی ١٨ پ.ز) بۆئەم ناوچەیە بەکارهاتووە، پاشان لە سەردەمی کاشیەکاندا شارەزور رۆڵی گرنگی هەبووە ولەم سەردەمەوە ناوی سیموروم نامێنێت لە گەڵ ( Mark Altweel ; p١٠,٢٠١١-١١ ئەوەشدا ناوی (لوللمی) بەردەوام دەبێت بۆناوچەکە.( دواتر لەسەدەی دوانزەی پێش زایندا کاریگەری ئاشوریەکان دەردەکەوێت دەبێتە جێی ململانێی کاشی وئاشوری و بەتەواوەتی دەکەوێتە دەست ئاشوریەکان، هەروەها بەهاتنی ئاشوریەکان بەتایبەتی ئاشورناسرپاڵی دووەم( ٨٨٣-٨٥٩پ.ز) ناوی نوێتر بۆ شارەزور دێتە ئاراوە، وەکو ئەوەی ئەم پاشایە ناوی (سیبیر) بەکاردێنیت کە پاشاکانی کاردۆنیاش بۆناوچەی شارەزور بەکاریان هێناوە، هەروەها ناوی (مازاموا) دێنیت کە مەبەست لەو ناوە شارەزورە، ئەم ناوەش تاکۆتایی دەستەڵاتی ئاشوریەکان بۆشارەزور بکارهاتووە، لەسەردەمی بابلی نوێشدا هەربە(مازوامـوا) هاتـوە، پاشان لەسەردەمی ئەخمینیدیدا وەک ساتراپێکی میدی بووە، تاهاتنی ساسانیەکان ئیتر لێرەوە ناوەکۆنەکەی پێشتری گۆڕا بۆ (نیم راه) کە دەکەوێتە نێوان (Mark Altweel ; p١٤,٢٠١١-١٦ قەزوین و تەختی سلێمان (شیز) لەلایەکی ترەوە ( پاشان لەسەرچاوە فارسی وعەرەبیەکاندا بە(شهرزور)(٤)هاتوە، هەر وەک یاقوتی حموی دەڵێت:( شارەزور ناوچەیەکی فراوانە ودەکەوێتە نێوان (ئەربیل وهەمەدان)ەوە). ( معجم البلدان،ج ٣، ل،٣٧٥). لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقەکاندا سەبارەت بەم ناوچەیە دەتوانرێت نەخشەیەکی جوگرافی لێدەربهێنریت وەک ئەم شێوەیەیی لای

خـوارەوە: شـارەزور دەشـتێکی فراوانـە پـڕە لـە شـار و قـەڵا و شـوێنی نیشـتەجێبونی خەڵـک و ئـاو وئاوەدانـی وزەوی بەپیـت بەچەنـد شـاخ و وزنجیـرە شـاخێک دەورە دراوە وەک (کینیپـا)، (سـیماکی)،(لارا )(سـوئیلانو) (D.D.Luckenbill, ١٩٢٦, Text p١٥٢,٤٥٤) (بیندرکـی)، (نیشـپی) و چەنـد شـاخێکی تـر هەروەهـا ئـەم هەرێمـە چەندیـن گـەروو یـان دەربەنـد و دەروازەی گرنگـی هەیـە بۆچونـەژورەوە وەکـو تاسـلوجە، بازیـان بـەرووی کەرکوکـدا، دەروازەی پەیکۆڵـی بـەرووی دۆڵـی دیالـەدا، دەروازەی هەورامـان بـەرووی زاگـرۆس وئێرانـدا، دەروازەی پێنجوێـن بـەرووی زرێبـاردا، ئـەم دەروازانـە گرنگـی شـاەزوور دەردەخـەن لەرووی گواسـتنەوە و بازرگانـی لەنیـوان میسـۆپۆتامیا و ) هـەروەک ئـەوەی Mark Altweel ; ٢٠٠٩-٢٠١١,p٤ زاگـرۆس وئێرانـدا لەزۆربـەی کاتەکانـدا ئاشورناسـپاڵیش نـاوی چەندیـن گـەروو دەروازەی گرنگـی ئـەم هەرێمـە دێنێـت لەدەقەکانیـدا، وەک لـەم دەقـەدا باسـی کـراوە:( دوای ئـەوەی نور-ئـاداد دیـواری (بابیتـو)ی داخسـت، (D.D.Luckenbill, ١٩٢٦, Text p١٤٩,٤٤٨)مـن چەندیـن شـاری تـری ئـەوم گـرت.....) (

پاشـان دەڵێـت ( لـە نێـوان ئـەو شـارانەدا تێپەڕیـم کـە ئاراشـتو فەرمانڕەوایەتـی دەکـردن ، چوومـە دەربەندێکـەوە لـە نێـوان شـاخی لارا و شـاخی بیدرجی...لـە شـاری زامـرو نزیـک بوومـەوە، کـە شـاری پاشـایەتی ئامیکا بـوو...). (کرایسـون: ، ٢٠٠٤،ص ٣٤) کەواتـە دەتوانرێـت لـە دەربەنـدی دەربەندیخانـەوە بـۆ زنجیـرە شـاخەکانی گڵـەزەردە و بەرانان، لەوێشـەوە بـۆدەروازەی تاسـلوجە ، دەروازەی پیرەمەگـروون، لـە پشتیشـەوە قەیـوان، ئەزمـەر، گۆێـژەوە تـا سـورێن و ناوچەشـاخاویەکانی پێنجوێـن، لەوێشـەوە بـۆ شـاخی هەورامـان ، لەبەرامبـەر دەربەندیخانیشـەوە شـاخی سـەرتەکی بەمـۆو شـەمێران بـە سـنوری سروشـتی شـاخاوی شـارەزوور دابنرێـت. بروانـە نەخشـەی ژمـارە(٢) هەروەهـا بوونـی چەندیـن روبـار لەنـاو چواردەوریـدا هێنـدەی تربایەخـی شـارەزوری زیاترکـردووە لـەرووی بەرهەمـی کشـتوکاڵ وبوونـی شـاروئاوەدانی بۆئـەم ناوچەیـە،

لەبـەر گرنگـی وبایەخـی ئـەم هەرێمـە ئاشـوریەکان هەرلەسـەرەتاوە هەوڵـی داگیرکردنـی ئـەم ناوچەیەیـان داوە بەتایبەتـی سـەردەمی ئاشـورناسرپاڵی دووەم(٨٨٣-٨٥٩ پ.ز) بۆیـە کاتێـک ئاشـوریەکان دەرکەوتـن وەک گەلێکـی بەهێـز لەهەزارەی سـێیەمی پ.ز سـەرەتا هاتونەتـە ناوچەکانـی میسـۆپۆتامیا و کوردسـتان، پاشـان وەک خێڵێکـی کۆچـەری ئاژەڵـدار لـە )Sir.Leonard Wooley;١٩٦٤,p٣٨٧-٣٨٩).ژێردەسـتەڵاتی هـوری ومیتانـی جێگیربـوون.

لەکۆتایـی هـەزارەی دووەمـی پ.ز دا توانیـان خۆیـان بەهێـز بکـەن ، دەوڵـەت دروسـت بکـەن، پاشـان توانیـان دەسـت بەسـەر زۆربـەی ناوچەکانـی رۆژهەڵاتـی کۆنـدا بگـرن و چەقـی دەسـتەڵاتیان ) دواتـر توانیـان دەوڵەتێکـیLouis, D.L ،١٩٧٣, P.١-٣ ناوچەکانـی کوردسـتان بـووە. (

بەهێـز دروسـت بکـەن و ( شـاری (نەینەوا-نینوا)یـان کـردە پایتەختـی رامیـاری دەوڵەتەکەیـان، لەناوچەکانـی نزیـک خۆیـان دەسـتیان بەفراوانخـوازی کـرد لەوکاتانەشـدا هەلومەرجـی باشـیان )هەروەهـا دواتـر Simith, E.P ,١٩٤٤ p.٤٢بـۆ رەخسـا بـوو بەهـۆی بارودۆخـی ناوچەکـەوە، ( لـەرووی (ئابـوری و ئایـن) یشـەوە گەشـەیان کـرد و توانیـان پەرسـتگا دروسـت بکـەن و شـاری (ئاشـور)(٥) وەک شـاری ئاینـی پەرسـتگای خواوەنـد ئاشـور بناسـێنن وگرنگـی پێبـدەن، ئەمـەش )Paul Bahan - Brian Fragan،٢٠١٧,p٢٢٤ بناغەیەکـی گرنـگ بـوو بـۆ جێگیربوونیـان.

)(٦) وەک سەربازگەیەکی گرنگی Kilizi لەهەمان کاتدا لەرووی سەربازییەوە شاری (کیلیزی)

ئاشـوری دروسـت کـرد لـە نێـوان هەولێـر و نەینـەوا دا. دوای سـەرکەوتنیان بەسـەر سـوباریدا و دەسـتگرتن بەسـەر زۆربـەی خـاک وسـنوریاندا، هەروەهـا خۆسـەپاندینان بەسـەردەوڵەتی هـوری و میتانیـدا لـە سـەردەمی ئاشـوری ناوەنـدا، پاشـان کارنامـەی داگیـرکاری وفراوانخوازیـان دارشـت و لـە سـەردەمی دوا پاشـاکانی ئاشـوری ناوەنـد دا گەیشـتنە بنـاری شـاخی دەماوەنـد لەوپـەڕی ) Herzfeld. E، ١٩٦٨.p٢٤٥. سـنوری رۆژهەڵاتـی کوردسـتان نزیـک تارانـی ئێسـتا.(

ئەمـەش سـەرەتایەکی بـاش بـوو بۆداگیـرکاری پاشـا ئاشـوریەکان لەسـەردەمی ئاشـوری نوێـدا بـە وردی داگیرکردنـی ناوچەکانـی رۆژهـەڵات و باکـوری ئاشـور بـە تەواوەتـی دەسـتی پێکـرد، بەتایبەتـی سـەردەمی ئاشـورناسرپاڵی دووەم ، کـە توانـی بگاتـە دەشـت و لوتکـەی ناوچـە Mattias Karlsson : ٢٠١٣,p٢٨-٣١شـاخاویەکانی ئـەم هەرێمانـە وتوانیـان داگیـری بکـەن. (

هەربۆیـە شـارەزوور لـە لای ئاشـورناسرپاڵی دووەم گرنگـی خـۆی هەبـووە لـە رووی رامیـاری و سـەربازی و ئابوورییـەوە کـە لـەم

خاڵانـەدا دەردەکەوێـت وەک: یەکـەم/ سـەرچاوەی یەکەمـی

باشــی ئاشــوریەکان بــووە لــە کەرەســەی تەلارســازیدا. ( طــە باقــر: ١٩٨٧، ص ١٣٢ -هــاري ســاکز: ١٩٩٠، ص ٢٦٤). دووەم/ ناوچەیەکـی دارسـتان و دەوڵمەنـد بـووە بـە کەرەسـەی دار و تەختـە.( محمود امین: س،ج١، ١٩٥٢، ص ٥٤) سـێیەم/ گرنگی دەشـتی شـارەزوور لـەرووی ئابـوری و سـتراتیجیەوە و دەوڵەمەنـدی بـە خـۆراک وکانزاکانـی زێـڕ و زیـو و سـەرچاوەیەکی بـاش بـوون بـۆ تاڵانـی سـوپای ئاشـوریەکان بـووە هـۆکاری هانـدان وهێـرش و دەسـت بەسـەراگرتنی ناوچەکـە، )Mark Altweel ; p٤٣,٢٠٠٩ لـە سـەردەمی پاشـایەتی دەوڵەتـی ئاشـورناسرپاڵی دووەم دا ( وەک لـەم دەقـەی ئاشورناسرپاڵیشـدا هاتـووە : (.شـارەکانی تـری نزیـک (موساسـینا)م گـرت ودیـل ودەسـتکەوتی بـاش وگرانبەهـام لەگـەڵ خـۆم هێنـا، سـەرەڕای مەڕومـاڵات وسـوتاندنی شـارەکانیان گەڕامـەوە بۆسـەربازگەکەی خـۆم..)) (گرایسـون: ٢٠٠٤،ص ٣٢) لـەرووی ئابورییـەوە بـۆ مەبەسـتی بازرگانـی ، وەکـو ڕێگایەکـی گرنگـی بازرگانـی بـووە بۆئاشـورییەکان. ( یانکوفسـکا: ١٩٧٦، ص ٣٨٧.) هەروەهـا ناوچـەی شـارەزوور وەک دەشـتێکی گرنـگ بەکارهاتـووە بۆگەیشـتن بەناوچەکانـی تـر وڕێـگا بازرگانیـەکان، ئەمـەش بۆخـۆی لـەو سـەردەمانەدا یەکێـک بـووە لەئامانجەکانـی ئاشـورناسرپاڵ وپاشـاکانی دوای خـۆی. ( محمـود امـین: ١٩٥٢، ص٥٣)

چـوارەم/ لـە ڕووی ڕامیـاری وسـەربازییەوە، دروسـت بوونـی چەنـد ناوەندێکـی بەهێزلـە لایـەن گەلانـی ناوچەکەوە کـە بەردەوام لەگەڵـەدا بـوون و جێـی مەترسـی و هەڕەشـە بـوون بـۆ سـەر )Mattias Karlsson,٢٠١٣, p٢٨-٢٩دەوڵەتـی ئاشـوری وەکـو ( لولویـەکان، میدیـاکان ).( پێنجـەم/ کارنامـەی فراوانخـوازی و دروسـتکردنی ئیمپراتۆریـەت لـە هـزری زۆربـەی پاشـا ئاشـوریەکاندا وەک هزرێکـی خۆسـەپێنی لێهاتـووە و بەکرداری هەنگاویـان بۆنـاوە و توانیـان دروسـتی بکـەن، چونکـە ئەمـان لـە ڕووی کارگێـڕی وکاروبـاری ناوخـۆی خۆیـان بەهێزکـرد و بایەخـی تەواوەتیـان دا بـە سیاسـەتی دەرەوەی ئاشـورییەکان ، چەندیـن شـێوازو ڕێـگای ئاشـتی و ڕێکەوتننامـە و شـەڕ ولەشکرکێشـیان یـان گرتەبـەر. ( ریبر جعفـر ٢٠١٢، ص ٥٣-٦١،٥٥-٦٢) بۆبەدیهێنانـی ئـەم ئامانجانـە و داگیرکردنـی تـەواوی ناوچەکانـی کوردسـتان سـوپای ئاشـور چەنـد ڕێگایەکـی بەکارهێنـاوە تـا بتوانێـت بـە ئاسـانی بگاتە شـوێنی مەبەسـت ئەوانیـش ئەمانەبـوون: یەکـەم / ڕێـگای گەرمیـان/ باشـوری ئاشـور. دووەم/ ڕێـگای شـارەزوور/ ڕۆژهەڵاتـی ئاشـور. سـێیەم/ ڕێـگای زاخـۆ/ باکوری ئاشـور) لێرەدا ڕێـگای دووەم لەهەمـوو ئەوانـی تـر گرنگتـر و پـڕ بایـەخ تربـووە بـۆ ئاشـورناسرپاڵی دووەم ، چونکـە نزیکـی پایەختـی ئاشـوری و سـەربازگەی کالیـزی و نەینـەوا بـوو، هەروەهـا ئاسـانترین ڕێگـە بـووە بۆگەیشـتن بـە دڵـی شـارەزوور و زاگـرۆس، لـە بـەر ئـەم خاڵانـە ئاشـورناسرپاڵی دووەم ڕێگـەی دووەمـی بەکارهێنـاوە بـۆ لەشکرکێشـی وداگیرکاریەکانـی بۆسـەرناوچەی شـارەزور، بۆئـەوەی بتوانێـت لـە ماوەیەکـی زۆر کـەم و کورتـدا کاری خـۆی بـکات، پێـش ئـەوەی وەرزی زسـتان بێـت بـە ئامانجـی خـۆی بـگات، )Speiser. E A. (١٩٢٦)، p١٩هێرشـی خـۆی ئەنجـام داوە و داگیـری کـردوون. (

لەگـەڵ ئەمانەشـدا ئـەم ڕێگایـە زۆرتریـن قـەڵا و شـار و گونـد و ئاوەدانـی لەسـەر بـووە، سـەرچاوەیەکی باشـی سـەروەت وسـامان و تاڵانـی وخـۆراک بـووە بـۆ سـوپای ئاشـور و هەنگاوبـە هەنـگاو توانیوێتـی شـارلە دوای شـار بگرێـت و پشـوو بـدات و خـۆی ئامـادەی شـەڕی تـر بـکات، دواتـر پەلامـاری ناوچەکانـی تربـدات. لێرەدا دەردەکەوێـت شـارەزوور لـە نەخشـەی سـەربازی و ڕامیـاری و ئابـوری و فراوانخـوازی ئاشـورناسرپاڵدا جێگایەکـی تایبـەت و دیـاری هەبـووە. بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە (٣) هەربۆیـە لەشکرکێشـیەکانی دواتـری لـەم ناوچـە ولـەم ڕێگەیـەوە ئەنجام داوە. هەمـوو جارێکیـش لەنوسینەکانی خۆیـدا تاڵانـی و گرتـن و وێرانکـردن و سـوتاندنی شـار و زەوی کشـتوکاڵ وگوندەکانـی ئـەم ناوچەیـەی بەبایەخـەوە بـاس کـردووە، هەروەهـا ئـەم هەرێمـەی بەگرنـگ و زۆر بایەخـدار و دەوڵەمەنـد و پـڕ لـە دەسـتکەوتی گرنبەهـا و وتاڵانـی زۆر بـاس کردووەکو لـەم دەقـەدا هاتـووە: ( چوومـە سەرشـاخی سیماکی وبـاج وسـەرانەم لەوڵاتـی داگارا سـەند ولەگـەڵ شـتی گرانبەهـا و مەڕومـاڵات وشـەراب ... دواتـر لـە ڕوبـاری تورنـات پەڕیمـەوە چومـە شـاری( ئامالی)یـەوە کـە شـارێکی تۆکمـەی شـورااداری ئاراشـتو (ئاراشـتاتوا)بوو...) ((D.D.Luckenbill:١٩٢٦,text ٤٥٢,٥٠pp-١٥١ هەروەهـا ئاشـورناسرپاڵ شـارەزووری وەک ناوەندێکـی سـەرەکی دەسـتەڵاتی لولـو و فەرمانڕەواکانـی دانـاوە و باسـی هەڵگەڕانـەوە و دەسـت وەشـاندنەکانی فەرمانڕەواکانـی ئـەم ناوچەیەیـی کـردوە لـەدژی بەرژەوەنـدی ئاشـورناسرپاڵ، هەرکاتێـک ئاشـوریەکان ئـەم هەرێمەیـان خسـتبێتە ژێردەسـتەڵاتی خۆیانـەوە پـاش ماوەیـەک

هەڵگەڕانەوە وهەوڵی رزگارکردنەوەی دراوەتەوە، جەنگ رووی داوە لەنێوان دەستەڵادرارانی هەرێمەکە و دەوڵەتی ئاشوردا. بەتایبەتی لەسەردەمی ئاشورناسرپاڵی دووەمدا. ( کرایسون، ٢٠٠٤، ص ٣١) . هەربۆیە ئەم پاشایە زۆر تورە و نیگەران بووە بەرامبەر بە خەڵک و فەرمانڕەواکانی وجارێکی تر لەشکرکێشی ئەنجامداوەتەوە وتوانیوێتی دەستەڵاتی خۆی بسەپێنێتەوە بەسەر ناوچەکەدا و وەک رێڕەوێک بەکاری هێناوە بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی پشتەوە.(٧) وەک لەم دەقدا هاتووە ( .... کەسێک بە ناوی ئاشور-ئیدن کە ئامادە بوو لام وتی: (نور-ئاداد) شازادەیی هەرێمی داگارا شۆڕشی ئەنجام داوە لەگەڵ هەموو (فەرمانڕەواکان)ی تر دژی من) (D.D.Luckenbill, ١٩٢٦, Text ٤٤٨, p١٤٩,) هەرێمەکانی تری زاموا ....دژی من....)) هەروەها بۆبنبڕکردنی مەترسیەکانی جوڵانەوەی تردژی ئاشور، کە بەیارمەتی گەلانی وەک ئورارتو ومیدیا بووە، لە هەمووئەم کارانەی دا ئەم ناوچانە توشیماڵوێرانی وسوتان و روخاندن وکوشتن بۆنەتەوە، زۆر بەتوندی وەڵامی پاشا شەرکەرەکانی لولو وزاموای لەم ناوچانەدا وەتەوە ، لە بەرئەوە ناوی سەرجەم قەڵا و شار و ناوەندی دەستەڵاتی لولو و گوند وناوچە ئاوەدانەکانی و شاخ وشوێنە سەربازی وگرنگەکانی و دەربەند و دەروازە و رێگەکانی شارەزوور هاتووە لەسەردەمی ئاشورناسرپاڵی دووەم دا، هەروەها بوونی ئەو هیزانەش لەو ناوچەیە هۆکاری شەڕەکانی بووە وەک لەم دەقەشدا روون کراوەتەوە-: (...دوای ئەوەی (نورئاداد) دیواری شاری بابیتی داخست توانیم بیگرم، لە گەڵ چەندین شاری گرنگی تر، وەک ئوز، بیریتو، م گرت...) (D.D.Luckenbill, ١٩٢٦, Text ٤٤٨, p١٤٩ )

## باسی دووەم/

ململانێی سەربازی ئاشورناسرپاڵ و دەستەڵادارانی ناوچەکە بەپێی دەقەکان: ئاشورناسرپاڵی دووەم وەک پاشایەکی بەهیزو جیاواز لە پاشاکانی تری ئاشوری، هەوڵی داوە بەشێوەیەکی چرتر و بەهێزتر، خۆی ئامادە بکات بۆداگیرکردنی ناوچەکانی زاگرۆس، هەڵبژاردنی شارەزوری کردۆتە نەخشەی سەرەکی لەشکرکێشیەکانی کە شاری زامرو ناوەندی دەستەڵاتی لولو بووە، لەگەڵ چەندین شاری گرنگی تر کەسەرچاوەی هێزی ناوچەکە بوون، کە دەکەونە دەشتی شارەزوورەوە، لەم دەقەدا هاتووە:( شاری زامرو ئامارو، پارسیندو، (D.D.Luckenbill, ١٩٢٦, Text p١٥٣,٤٥٥)ئیریتو، ئاراستیکو،سوریتو)(٨). هەربۆیە لەسەربازگەی (کیلزی )لە نزیک گوندی (تیران وسەعدئاوا ) لە قەسر شەمامک دوری (٢٥کم) لە باشوری رۆژئاوای هەولێرەوە ئامادەکاری لەشکرکێشی کردوە. (Roualt: Qasr

(٢٠١١, p٤٥,، پاشان کەتۆتە رێ و دەستی بەهیرش کردن کردووە، یەکیک لەخاڵە سەرەکی وتایبەتمەندیەکانی ئەم پاشایە ئەوەیە ماوەی فەرمانڕەوایەتیەکەی بە سەردەمی شەڕ و لەشکرکێشیەکانی بۆسەرناوچەکانی باکور و رۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئاشور دەناسرێتەوە بەتایبەتی ناوچەکانی دەشتی شارەزوور. (Isik, C ،p٨٦. ١٩٨٥)

لەبەرئەوە بۆ ئەم مەبەستە دەستی کرد بە هێرشەکانی کە بەسێ لەشکرکێشیە بەناوبانگەکەی ئاشورناسرپاڵی دووەم ناسراوە بۆسەر زاموا. کەبەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە، لەساڵی ٨٨٣ پ.ز دا خۆی ئامادە کردوە، لە بەهاری ساڵی ٨٨٢ پ.زدا بە سوپایەکەی زۆرەوە A. T. Olmstead,١٩٨٥,p٥٩ یەکەم لەشکرکێشی خۆی بە چەند قۆناغێک ئەنجام داوە ( دا لە ساڵی ٨٨١ پ.ز دووەم لەشکرکێشی و لە ساڵی ٨٨٠پ.ز دا سێیەم لەشکرکیشی خۆی ئەنجام داوە و سەرکەوتنی بەدەست هیناوە.( ریبر جعفر:٢٠١٢،ل٩٦-٩٧)

لە جموجوڵەکانی یان لەشکرکێشیەکانی ئاشورناسرپاڵ بۆسەر هەرێمەکانی نزیک شارەزور، مەترسی گەورەی بۆ سەر ناوچەکانی زاموا و شارەزوور دروست کرد. ئەمەش وای کرد گەلانی ناوچەکانی زاموا هەست بەومەترسیانە بکەن کە ئاشوریەکان ئەنجامیان داوە، ئەمەش مانای ئەوە بوو ئاشوریەکان دەیانەوێت دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن، سامان و(کچەکان) بەدەست بهێنن وبیان کەن بەدیل، هەربۆیە خۆیان ئامادە کرد، ریزەکانیان یەک خست بۆبەرگری و بەگژداچوونەوەی سوپای ئاشورناسرپاڵی دووەم، ئەمەش لەساڵی ٨٨١پ.ز دا بە سەرکردایەتی نورئاداد بوو کە فەرمانڕەوای شاری داگارابوو.(ریبر جعفر:٢٠١٢،ل٩٦) هەر (داگارا))(Dagara)٩ ( دەکەوێتە باکوری دۆڵی بازیانەوە، یەکێکە لەو شارانەی ئاشورناسرپاڵی دووەم داگیریکردوە. (Parpola.S, ١٩٧٠. p٩٦)

لـەو سـەردەمەش دا گرنگتریـن پاشـاکانی وڵاتـی لولـو، زامـوا و ناوچـەی شـارەزوور ئەمانەبـوون: (نـور- ئـاداد، موساسـینا، کیرتیـارا، سـابینا، ئانـا، بوبـا، ئامیـکا، ئارشـتاتوا) نورئاداد کـە فەرمانڕەوای شـاری (داگارا) بـوو سـوپایەکی بەهێـزی ڕێکخسـت و لـە (دەربەنـد- بابیتـی) خـۆی ئامـادە کـرد بۆبەرگـری کـردن و دژی هەرهێرشـێکی ئاشـورناسرپاڵی دووەم وسـوپاکەی (Spieser,E,A،: p٢٧،١٩٢٦)-(p١٢,٢٠١١:Mark Altweel, بۆسەرشـارەکانی ناوچەکـە .(

لـەم کاتـەدا ئاشـورناسرپاڵی دووەم وکۆشـکی پاشـایەتی زانیارییـان هەبـوو لەسـەر هێـزو جموجوڵـی ئـەم سـەرکردەیە لەناوچەکەدا، بەتایبەتـی لـە دەربەنـدی (بابیتـي - بابیتـو (Babite)(١٠) تەکیـە- بازیـان) لەنێـوان چەمچەمـاڵ وسـلێمانیدا، ئـەم دەربەنـدەش (بابیتـو ) دەروازە ودەرگای وڵاتـی زامـوا بـوو.( Olmstead A. T. (١٩١٨) p٢٢٩-٢٣٠)

هەروەکو وەکو لەم دەقەی ئاشورناسرپاڵ دا هاتووە وباسی ئەو هەڵگەڕانەوەیە دەکات:

( ... هەواڵنامەیـەک باسـی ئـەوە دەکات کـە (نور-ئـاداد)ی حاکمـی وڵاتـی داگارا-داکارا هەڵگەڕاوەتـەوە و خەڵکـی ناوچەکـەش هەمـووی لەگەڵیـدان پاڵپشـتی دەکـەن ، خۆیـان ئامـادە کـردوە لـە دەربەنـد (بابیتـو) دژی مـن.....) (کرایسـون : ، ٢٠٠٤،ص٣١ ) هەروەهـا هێزەکانـی ناوچەکـە مەترسـی گەورەیـان بۆئاشـوریەکان دروسـت دەکـرد، هەربۆیـە ئاشـورناسرپاڵ خـۆی بۆهێرشـێکی گـەورە ئامـادە کـرد و گەیشـتە شـار،قەڵای (دور-تالیتـی(Dur-talite) (١١) (چەمچەمـاڵ)، دواتریـش هـەردوو سـوپاکە لـە دەربەنـدی (بابیتی-بابیتـو)(Babite) دەربەنـد بازیان-تەکییـە بەیـەک گەیشـتن وشـەڕێکی تونـد وگـەورە روویـدا و دوای چـوار ڕۆژ ئاشـورناسرپاڵ توانـی ئـەم شـارە داگیربـکات وکوشـتاری تێداکـرد، بـەڵام نـور ئـاداد خـۆی گەیانـدە شـاری داگارا وبـارا. لەهەمانکاتـدا بابیتـو دەروازەیەکـی یەکجارگرنـگ بـوو بـۆ چوونـە ژوورەوەی سـوپای ئاشـوربۆداگیرکردنی چەندیـن شـاری گرنگـی تـر لـە ناوچەکـە وەکـو شـاخی(Nisir-Kinipia) پیرەمەگـرون و شـاروقەڵای گرنگـی تـر، هـەر ئەمانـەش گرتنـی شـارەزووری ئاسـان تـر کـرد. Olmstead.A.T) .( ٢٣١-p٢٣٠ ,(١٩١٨)

وەک لـەم دەقەشـدا روون کراوەتـەوە-: ((...دوای ئـەوەی (نورئـاداد) دیـواری شـاری بابیتـی داخسـت توانیـم بیگـرم و چەندیـن شـاری تریشـم گـرت وەکوشـارەکانی ؛ (ئـوزو) (Uze) (١٢) و (بیروتـو) (Biruttu)(١٣) و ( لاگالاگا) (Laga Laga )(١٤) ، لەگـەڵ سـەت (١٠٠) شـاری تـر ودەسـتکەوتی تـر وەک مـەڕ ومانـگا...)). p١٤٩,٤٤٨ text,١٩٢٦:D.D.Luckenbill ) ئەمـەش بایەخێکـی گرنگـی جوگرافـی سـەربازی وئابـوری هەبـوو بـۆ سـوپاکەی ئاشـورناسرپاڵ. لێـرەدا سـوپای ئاشـورناسرپاڵ وەسـتاوە ودوای پشـودانێک هێرشـی کردۆتەسـەر شـاروقەڵاکانی نزیـک روبـاری (Radnu-Raddani)(١٥) لای ڕۆژهەڵاتـی دەربەنـد بازیان(بابیتـی) و ئـەو شـوێنانەی گـرت. ١٩١٨ p٢٣٢). (Olmstead.A.T

لەگـەڵ ئەوەشـدا جارێکـی تـر هێرشـی ئاشـورناسرپاڵ دەسـتی پێکـردەوە دەسـتی بەسـەر چەندیـن شـاروگوندی ترداگـرت بەتایبەتـی شـاری (داگارا -Dagara) کـە ناوەنـدی دەسـتەڵاتی (نور-ئـاداد) بـوو، لـەم شـەڕەدا سـوپای ئاشـورناسرپاڵی دووەم سـەرکەوت. (کرایسـون: ٢٠٠٤، ص ٣١)

پاشـان هێـزی ناوچەکـە خۆیـان بـۆ بەرگـری ئامـادە کـرد، سـەرەڕای بەرگریکردنیـش یـەک لـە دوای یـەک شـارەکانی تـری وەک (Bunasi)(١٦) و(Larbusai-)(١٧)،(Durluluma)(١٨)،(Bara) (١٩) کـە دەکەوتنـە نێـوان (Arakdi)(٢٠)و (-Kinipa-Nsir PirOmerGudurn) ) کـە سـەر بەسـەرکردە (Kirtiara) کیرتیـارا بـوون داگیرکـران. (Olmstead A. T. (١٩١٨), p٢٣٢.) وەک لـەم دەقـەدا هاتـووە: (( دوای ئەمانـە رووم کـردە شـاری بەشـورا دەورە دراوی (لاربۆسـا) ی (کیرتیـارا) و هەشـت شـاری تـری دراوسـێی ئـەوان، پاشـان گەیشـتمە شـاری (دور-لولومـا) ، بونیسـا، بـارا هەموویانـم داگیرکـرد.....)) (text,١٩٢٦:D.D.Luckenbill p١٥٠,٤٥٠)ئەمـەش هەنگاویکـی یەکجـار گرنـگ بووبـۆ پاشـا ئاشـورناسرپاڵ. واتـە لەنێـوان قەڵاکانـی دۆڵـی تاسـلوجە و شـاخی پیرەمەگرونـدا چەندیـن شـارو قـەڵای تـر هەبـوون کەوتنەدەسـت ئاشـورناسرپاڵەوە. بەمـەش بـە تەواوەتـی گرتنـی شـارەزوور بـۆ ئاشـورناسرپاڵ ئاسـانتر بـوو، چونکـە ئـەم قـەڵا و شـارانە کلیلـی دەرگای دەشـتی شـارەزوربوون، ئەمـەش بەربەسـتەکانی بـەردەم سـوپای ئاشـورناسرپاڵی بەتەواوەتـی لاواز کـرد. (کرایسـون: ، ٢٠٠٤،ص ٣١.) لـە دوای ئـەم سەرکەوتنەشـی ئاشـورناسرپاڵ پێشـڕەوی کـرد بـەرەو شـاری بـارا(Bara) ، کـە دەکەوێتـە دەروازەی باکـوری ڕۆژئـاوای دۆڵـی سـلێمانیەوە لەنزیـک تاسـلوجەی ئێسـتا.(.Hannon,N,P٣٨١)

پاشان کردی بەبنکەی سەرەکی سەربازی خۆی بۆداگیرکردنی قەڵا و شوێنەکانی تری بەشی باکوری ئەو دۆڵە، وە شەڕانەشدا توانی (٣٢٠) کەس لەهێزی سوپای ئەوناوچەیە بکوژێت وتالانیەکەی گەوەری دەستکەوت لە مەڕوماڵات ودەسکەوتی گرانبەهاودیلێکی زۆرکە(٣٠٠٠)دەبوون. ئەمەش وەکو سەرکەوتنێکی گرنگ وداگیرکردنی شوێنی گرنگ لەم ناوچەی شارەزوور دەخاتە روو وەک لەم دەقەدا هاتووە: ( دوای ئەوەی لەشاری داگارا تێپەڕیم وداگیرم کرد و چوومە شاری بارا و شمشێرەکەم بەکارخست و٣٢٠ شەرکەرم لێکوشتن وکۆمەڵێ دەستکەوتم چنگ کەوت لە شتی گرانبەها لەگەڵ مەڕوماڵات و٣٠٠٠ دیل لەسوپاکەیان...) (کرایسون: ، ٢٠٠٤،ص ٣١) دوای ئەم سەرکەوتنانەی ئاشورناسرپاڵی دووەم خۆی گەڕایەوە بۆکیلزی، پاشان دەستی بەهێرش کردن کردەوە لەم لەشکرکێشیەدا دەستی گرت بەسەر شاری (بوناسی- Bunasi) کە فەرمانڕەواکەی (موساسینا -Musasina)بوو وەک لەم دەقەدا هاتووە: (( لەرۆژی.. ..لەشاری کیلزی جوڵام وشاری بوناسیم گرت کە شارێکی بەشوراقایمکراوبوو موساسینا فەرمانڕەوایەتی دەکرد ...)) (کرایسون: ، ٢٠٠٤،ص ٣٢) گرتنی ئەم شارە رێگە خۆشکەر بوو بۆداگیرکردنی چەند گوند وشاری تر لە ناوچەکەدا، ئەمەش مانای وابوو پێگە گرنگەکانی دەشتی شارەزوورو سەرچاوەکانی خۆرواک وئابوری لە دەستی نەیارەکانی دەرکردوە ودەستی بەسەرداگرتوون. وەک خۆی باسی دەکات: ((...شارەکانی تری نزیک موساسینا م گرت ودیل ودەستکەوتی باش وگرنابەهام ومەڕوماڵاتم لەگەڵ خۆم هێنا، گەڕامەوە بۆسەربازگەکەی خۆم..)) گرایسون: ، ٢٠٠٤،ص ٣٢) دوای ئەم سەرکەوتنانەشی لە باشورورۆژئاوایی دەشتی شارەزوور، بە ئامانجی گرتنی شار وقەڵاکانی ترو دەستگیرکردنی نەیارەکانی بەتایبەت نورئاداد، خۆی ئامادەکرد، بۆئەو مەبەستەش بەرە و ناوجەرگەی شارەزوور بەرێکەوت چونکە ئەو ناوچانەی تری دەشتی شارەزووری بەلاوە گرنگ بوو لە رووی پێگەی جوگرافی ناوچەکەوە، بەخاڵی یەکلاکەرەوەی جەنگەکانی داناوە، بۆیە لەم شەڕانەیدا دەستی گرت بەسەر شاری( توکلوتی ئاشور ئاسبات) و تا شاخی هەورامان نیشپی(Nispi)(٢١) داگیرکرد، هەر وەک خۆی دەگێڕێتەوە لەم دەقەدا دەڵێت: (شاری توکلتی –ئاشو- ئەسبات م بەجێ هێشت و رێگای لوتکەی چیای نیشبی(نیسبی)م گرتەبەر ، شەوم لەڕێکردن بەرەو شارگەلی دووری هەڵکەوتوو لەنیوان چیای غامرو ئەدینو، کە نور-ئەدد یان لە دەوروبەر بوو ، بەسەر برد، پاشان پەلاماری شاری بیروتووم دا و سوتاندم..............).( (D.D.Luckenbill:١٩٢٦,text,٤٥١,p١٥٠-١٥١ بەم هەنگاوانەشی ئاشورناسرپاڵ توانی هەموو دەشتی شارەزوور بخاتە ژێردەستەڵاتی خۆیەوە لەروی کارگێری وسنورەوە، هەر یەک لەشارەکانی هەرێمی داگارا ولاربۆسا و بوناسی خستە سەردەوڵەتی ئاشور و فەرمانڕەواکانی وەک کیرتیارا و موساسینای لە شوێن خۆیان هێشتەوە بەومەرجەی باج بدەن بە ئاشورناسرپاڵی دووەم و ملکەچی خۆیانی بۆدەربڕن. دوای داگیرکردنی ئەم شارانە ئاشورناسرپاڵ خۆی ئاما دەکرد بۆداگیرکردنی ناوەندی دەستەڵاتی زاموا لە سەرووی دەشتی شارەزوور تاشاخی نیشپی(Nispi) بەوەش نەخشەی داهاتوی خۆی نیشانداوە،

لێرەشەوە بەرلەسوپای ئاشورناسرپاڵ گیراوە ودووسەرکردەی ناوچەکە بەناوی( ئامیکاAmekal و ئارشاتوا-Arashtua )بەرگریان کردووە و ئامادەنەبوون باج بە ئاشورناسرپاڵ بدەن وخۆیان بدەنەدەستی سوپای ئاشور، هەربۆیە لێرەدا سوپای ئاشور راوەستاوە وپاشا ئاشورناسرپاڵ گەڕایەوە بۆشاری کلیزی سەربازی لە نەینەوای پایتەختی ئاشور. (Olmstead.A.T,١٩١٨), p٢٣٣.)

لەدوای سەرکەوتنەکانی جاری پێشوتری ئەم جارەیان لەهێرشێکی تریدا جارێکی تربەسوپایەکی زۆرەوە گەڕایەوە بۆسەرناوچەکانی زاموا لە رێگای کیلزیەوە بۆ زێی بچوک پاشان گەیشتۆتەوە بابیتی (دەربەند بازیان) ولەم هیرشانەیدا دوای شەڕوکوشتنێکی زۆرداگیرکردنی چەندین شار و بەتایبەتی پایتەختی زاموا، خۆی گەیاندە شارەکانی ناوجەشاخاویەکانی پشت دەشتی شارەزور وەک شاخی (نیشپی-نیشتون-Nispi-Nishtun)و (هەورامان) و ناوی (بوبو-Bubu) و چەندین سەرکردە و شوێنی تر دێنێت لەوباسەیدا ( Olmstead A. T,١٩١٨), p٢٢٠.)

هۆکاری لەشکرکێشی ئەم جارەیان بەبیانوی نەدانی باج وهەڵگەڕانەوەی هەردووسەرکردە (ئامیکاوئارشتاتوا) بووە، هەر بۆیە ساڵی ٨٨٠پ.ز دوا هێرشی خۆی بۆسەرزاموا وشارەزور دەستپێکردەوە. جیاوازی نەخشەی لەشکرکێشیەکەی ئەم جارەیان لەوەدایە لە دۆڵی بازیانەوە ئاراستەکەی گۆڕیوە بەرەوقەرداخ و لەوێشەوە بۆ دەربەندیخان و پاشان گەڕاوەتەوە

سەر شارەزوور، ئەم شێوازەشی بۆئەوە بووە لە پشتەوە هێرش بکاتە سەر شاری زامروی پایتەختی زاموا لەناوجەرگەی دەشتی شارەزوور. سەرەتا لەزێی (ردانو- Rdanu) پەڕیوەتەوە و دوای رۆژەرێیەک گەیشتۆتە شاخی (سیماکی- Simaki)(٢٢) و(ئازیرو-Aziru)(٢٣) وشاری (میسو-Misu-)وەک شارێکی بەهێز داگیری کردون کە لە هاوشانی شاری (زاموان-Zamuan) بووە لەنزیک (ئاتێلا-Atela-)(٢٤) لە سەرچاوەکاشیەکانەدا بەشاری(سیبیر-Sibir)(٢٥) ناوی هاتووە ودواتر ئاشوریەکان ئاوەدانیان کردەوە و ناویان ناوە شاری (دور-ئاشور-Dur-Ashur)(٢٦) هەروەها لەدەوروبەری ئەم شارانەدا شارەکانی تری وەک ئاراکدی و(هواڵسوندی-Hualsnduy) و(ناپیگی-Napigi) هەبوون لە ناوەڕاستی شارەزوور، دواتر لە سیماکیەوە بەرەو روباری (تورنات-Turnat)(٢٧) چووە و پەڕیوەتەوە، بەشێوەیەکی خێرا ولەناکاودا هێرشی کردۆتە سەر ئارشتاتو فەرمانڕەوایی شاری (ئامالی- Ammali) (٢٨) لە دەشتی شارەزوور، شەڕێکی خوێناوی و توند لەنێوانیاندا رووی داوە. ( Olmstead: A. T. (١٩١٨) p٢٣٣-٢٣٤) دوای ئەوەش توانیوێتی دەستەڵات بسەپێنێت بەسەر شاری داگارا و باجی لێسەندوون. وەک لەم دەقەدا روونکراوەتەوە: ((لەساڵی .....کەبەناوی میقیتی-ئادور لە نەینەوا بووم هەواڵنامەیەکم بۆهات باسی ئەوە دەکات ئامیکا و ئارشتاتو باج نادەن وبێگاریم بۆناکەن، ..... هێزەکانم جوڵاند لەشاری کیلزیەوە ولەزێی بچوک پەڕیمەوە وچومە دەربەندی بابیتو پاشان لەروباری ردانو پەڕیمەوە ... چوومە سەرشاخی سیماکی وباج وسەرانەم لەوڵاتی داگارا سەند ولەگەڵ شتی گرانبەها و مەڕوماڵات وشەراب ... دواتر لە روباری تورنات پەڕیمەوە چومە شاری ( ئامالی)یەوە کە شارێکی تۆکمەی شوراداری ئاراشتو (ئاراشتاتوا)بوو...)) (D.D.Luckenbill:١٩٢٦,text ٤٥٢,pp٥٠-١٥١

بێ گومان ئەمەش دەوڵەمەندی و بایەخی ئابوری وپێگەی گرنگی ئەم ناوچانە دەردەخات بۆ پاشا ئاشورناسرپاڵی، چونکە ئەم ناوچەیەدەوڵەمەند بوو، دوای شەڕێکی یەکلاکەرەوە شارەکە کەوتۆتە دەست ئاشورناسرپاڵ، دوا بە دوای ئەم سەرکەوتنانەشی ئەم پاشایە توانیوێتی ورەی سوپاکەی بەرزبکاتەوە روو بکاتە شاری (خودون)(٢٩)، (٢٠) شاری گرنگی تردا گیربکات، پاشان یەک لەدوای یەک شارەکانی تری خستە ژێر دەستەڵاتی سوپای ئاشورەوە،وەک )Olmstead A. T. (١٩١٨), p٢٣٣. p٢٣ (کیسیرتو) و (سابینی) و (دۆرا) لە شارەزور. ( ئەمەش هەنگاوێکی تری گرنگی ئەم پاشایە بوو لە دەست بەسەراگرتنی شارە گرنگ و بەهێزەکانی ناوەندی دەستەڵاتدارانی لولو لە زاموا و ناوەندی دەشتی شارەزووردا، چونکە زۆربەی بڕیارەکان لەم ناوەندەوە دژی ئاشوریەکان دەردەچوون، بۆیە ئەوەش بەلایی ئاشورناسرپاڵەوە گرنگ بوو. وەک لەم دەقیدا باسی دەکات (....چوومە شاری خودون، (٢٠) بیست شاری تر ئاگرم تێبەردان ودواتر رووم کردە شاری کیسیرتو لەگەڵ (١٠) دە شاری تر کە شاری بارایەکان بوون، لە لایەن کیرتیاراوە سەرکردایەتی دەکران، پاشان چوومە دۆرا، بوناسی، دەربەندی خاشمار کە پەیوەندیان بە(ئاراشتاتوا)وە هەبوو لەوێشەوە چوومە دەربەندی لارا، بیدرجی کە رێگای چوونە ژوورەوەی شاری شاهانەی زامرو بوو، وەک ناوەندی سەرەکی بڕیار و فەرمانەکانی پاشایەتی (ئامیکا) و وڵاتی زاموا و ناوچەکانی نزیکی بوو ........) (D.D.Luckenbill:١٩٢٦,text ٤٥٣,p١٥٠-١٥١

دوای پشوویەکەی تەواوەتی توانی خۆی یەکلا بکاتەوە بۆهێرشی کۆتایی وداگیرکردنی ناوەندی دەستەڵات وپایتەختی ) زاموا- زامروZamru-Zamri )(٣٠) لە باکوری رۆژهەڵاتی شارەزوور لە نێوان شاخی لارا (Lara) (٣١)(بیدرگی Bidirgi-) (٣٢) دا کە لەدەقی پێشووتردا باسکراوە. هەروەها ئەم شارەی وەک سەرچاوەی هێزو دەستەڵاتی یەکەم لەهەموو ناوچەکەدا داناوە، فەرمانڕەواکەشی ئامیکا بووە، لەم کاتەدا ئاشورناسرپاڵ تەواوی سوپاکەی لەشاری (توکلتی-ئاشور-ئاساب-ئاتیلا) لەپشوودا بوو دواتر جوڵاندی وکەوتەڕێ بۆداگیرکردنی شاری زامرو شەڕیکی گەورە و یەکلا کەرەوە لە نێوان هەردولادا رووی دا و دوای رووبەروبوونەوەیەکی توند ئاشورناسرپاڵ سەرکەوت بەسەر ئامیکادا، بەوەش شاری زامرو کەوتە دەست ئاشوریەکان و ئاشورناسرپاڵ سەرکەوتنی یەکجارەکی خۆی بەسەرتەواوی ناوچەی شارەزوردا راگەیاند ، بەوەش کۆشکی پاشایەتی زاموا لەشاری زامرو کە پڕبوون لەزێڕ و برۆنز و کەلوپەلی گرانبەها، لەگەڵ شتی تری تایبەت بەلایەنی ئاینی، کەوتنە دەست ئاشورناسرپاڵ و بەتاڵانیەکی گەورەوە گەڕایەوە، لێرەشەوە بایەخی ئەم ناوچەیە بۆئەم پاشایە زیاتر دەرکەوت. ( Olmstead A. T (١٩١٨), p٢٣٤) هەروەها ناوچەسەختەکانی نزیک ئەم شارە وەک شوێنیکی دژوار وسەخت بووە بۆ هێزی ئاشورناسرپاڵ و پەناگەیەکی گرنگ بووە بۆ هێزەکانی ناوچەکە. وەک لەم دەقەیدا باسی دەکات: ( لە نێوان

ئـەو شـارانەدا تێپەڕیـم کـە ئاراشـتو فەرمانڕەوایەتـی دەکـردن ، چوومـە دەربەندێکـەوە لەنێـوان شـاخی لارا و شـاخی بیدرجـی، کـە دوو چیـای سـەختبوون، بـۆ گالیسـکە ڕانـی و ڕێکردنـی هێـز گونجـاو نەبـوون، لـە شـاری زامـرو نزیـک بوومـەوە کـە شـاری پاشـایەتی ئامیـکا بـوو، لـە بـەردەم چەکەوێرانکەرەکانمـدا بـوو، شـەڕی تونـد روویـدا، (ئامیکا)خـۆی رزگارکـرد بۆناوچە شـاخاویەکان، هەمـوو کەلوپەلـی کۆشـکەکەی و گالیسـکەکانیم لەگـەڵ خـۆم بـرد..). (کرایسـون: ، ٢٠٠٤،ص ٣٤) هەروەهـا دوای ئـەم هێرشـانەی ئاشـورناسرپاڵ لـە روبـاری (لولـو) پەڕیوەتـەوە بۆگرتنـی ئامیـکا، بـەڵام لـەم کارەیـدا سـەرکەوتنی بەدەسـت نەهێنـاوە وگەڕاوەتـەوە سـەربازگەکەی لەزامـرو.

پاشـان جاریکـی ترلـە روبـاری (ئیدیـر -Edir)(٣٣) پەڕیوەتـەوە بـەرەو شـاخی (سـو- SU) وایلانیـو--Elaynu)(٣٤) چـووە. شـەڕلە نێوانیانـدا روویـداوە وئاشـورناسرپاڵ تاڵانیەکـی زۆری دەسـتکەوت لـە مەڕوومـاڵات وزێڕوزیـو.........)( Olmstead A. T: (١٩١٨), ٢٣٥-p٢٣٤)

وەک لـەم دەقـەدا هاتـووە: ( لـە روبـاری ئیدیـر پەڕیمـەوە لـە نێـوان شـاخی سـو وئیلانـو، لـە سەرشـاخی ئیلانـو شـتەگرانبەهاکان وبەنرخەکانیـان هەرچیـان هەبـوو، لـە نێوانیانـدا حـەوزی خۆشـۆردن وقـاپ و قاچـاخ ومەنجـەڵ وپـەرداخ و ئامێـری برۆنـز وقاپـی زیویـن ونەخشـێنراو بەئاڵتـون وسـەرەڕای گا و مـەڕ و کەلوپەلەکانـی ودەسـکەوتێکی زۆر، هەمویانـم گـرت و هێنـام..) (کرایسـون: ٢٠٠٤،ص ٣٤)- سـەرجەم ئـەم دەسـتکەوتانەی سـوپای (D.D.Luckenbill:١٩٢٦,text ٥٠,٤٥٤pp-١٥٢) ئاشووریەکان دەرخـەری ئەوراسـتیەن ئـەم ناوچەیـە ناوچەیەکـی دەوڵەمەنـد وگرنـگ بـووە بـۆ ئاشـوورناسرپاڵ و لـەرووی ئابـوری وسـتراتیجیەوە پێگەیەکـی گرنگـی هەبـووە، بۆیـە هەوڵـی داوە دەسـت بەسـەر ئـەم ناوچەیـەدا بگریـت. لێـرەوە ئاشـورناسرپاڵی دووەم توانـی بەتەواوەتـی دەشـتی شـارەزوور وسـەرجەم شـار و قـەڵا و گوندەکانـی بخاتـە ژێردەسـتی خۆیـەوە و کردی بەبەشـێکی سـەرەکی لـە دەوڵەتەکـەی، هەربۆیـە لـەم روانگەیـەوە ویسـتوێتی بەتەواوەتـی سـوپا و هێزەکانـی ئامیـکا وئارشـتاتوا لەناوبەرێـت، مەترسـیەکانیان لەسـەر سـوپا و دەوڵەتەکـەی کـەم بکاتـەوە، بۆئـەو ئامانجـەی رووی لـە دەروازەکانـی پێنجوێـن ورۆژهەڵاتـی شـارباژێر وناوچـە شـاخاویەکانی دەوری دەشـتی شـارەزوور کـردووە، چونکـە دەیویسـت دوای سـوپای (ئامیـکا) بکەوێـت کەخـۆی خزاندبـووە شـاخی (سـابوا) لـە باکـوری شـاری زامـرو، دوای هێرشـێکی زۆر سـوپای ئاشـور نەیتوانـی ئـەو ناوچەیـە بگرێـت، بۆیـە ئاشـورناسرپاڵ بڕیاریـدا بەسـوتاندن و روخاندنـی هەرچـی گونـد و شـارەکانی دەشـت ودۆڵـی نزیـک قـەڵای ئامیـکا هەیـە، وەک بڵاوکردنـەوەی تـرس و تۆقانـدن وکوشـتن، نـاوی چەندیـن شـار دێنێـت کـە نزیکـەی(١٥٠) (قەڵا-شـار) بـوون داگیـری کـردون، تاڵانی کردون،سـوتاندونی، بەسـەرکەوتنێکی گرنـگ ویەکلاکـەرەوەی داینـاوە بۆخـۆی لـە گرتنـی شـارەزوردا، وەک ئـەم شـارانە:

امیـکا Amika )، اراسـتیدکو (Arasitka)، امـار ( Ammaru)، بارسـیندو (Parsindu -ئریتـو) هەمـووی تەختـی زەوی کـردوون، ئەمـەش لەبەر ئەوەبـوو Iritu))، سـوریتا، ( Surita)

ئاشـورناسرپاڵ دەترسـا لەمانـەوەی ئەوهێـز و سـەرکردانە و گەڕانەوەیـان جارێکـی تـر بۆگرتنـەوەی شـارەکانی دەشـتی شـارەزوور. لەبەرئـەوە دەیویسـت ئـەو پێگـە سـەرەکی وگرنگانـەش بخاتـە ژێردەسـتی خۆیـەوە. وەک لـەم دەقـەدا دیـارە: (شـاری زامـروم جێهێشـت وبەسـەر بـەرزی ونزمیەکـی سـەخت ، گالیسـکەکان گونجـاو نەبـوو و هیچـکام لەپاددشـایانی پێشـینم لێـی نزیـك نەبووبونـەوە، بـە ئاراسـتەی شـاخی ئیتنـی، لـە روبـاری لالـو پەڕیمـەوە ، کاتێـک بەسـەر شـاخی ئیتنیـدا سـەرکەوتم کەرەسـتە گرانبەهـاکان هەرچـی هەبووهێنـام لەگـەڵ خۆمـدا، لەنێوانیانـدا مەنجەڵـی گـەورەی برۆنـزی وەک حـەوز و قـاپ و قاچـاخ، سـەرەڕای کـەل وپەلـی شـاهانە و رازاندنـەوەی کۆشـک وگەنجینەیـەک...). (کرایسـون: ٢٠٠٤،ص ٣٥) هەروەهـا لـەم دەقەشـدا دەڵێـت: ( لەزامرو-زمـری) بەهاوڕێیەتـی سـوارەکانم وسـوپایەکی ئاسـایی بـەرەو ئـەو شـارانە رۆشـتم کـە (ئاتائالارزیزیانـی ) فەرمانڕەوایەتـی دەکـرد، کەهیـچ پاشـایەکی پێـش خـۆم نەیتوانیـوە بیـان گرێـت، مـن هەمویانـم گـرت وەک شـارەکانی ارزیـزو و ارزینـدو (ارسـیاندو) (٢٠) کـە شـاری شـوراداروقایم بـوون لەگـەڵ (١٠) شـاری تـر لـە دەوری کـە کەوتبونـە ناوچـەی شـاخی نیشـپی کەشـاخێکی سـەختە و برۆنـزی زۆرم دەسـتکەوت وەک خـاوە لەگـەڵ شـتی بەنـرخ ....) (کرایسـون: ٢٠٠٤،ص ٣٥-٣٦) هەروەهـا لەکۆتـا هێرشـەکانی دا بۆسـەر ناوچـە و شـارەکانی (نیشـپی) و(ئەرزیـزو) و ئەرسـیاندو کـە ناوەندەکەیـان (ئاتا-)بـووە توانـی هەمـووی داگیربـکات وبـە تاڵانیەکـەی گـەورە وەگەڕایـەوە سـەربازگەکەی. ئەمـەش بەکۆتـا سـەرکەوتنی ئاشـورناسرپاڵ دادەنرێـت


لـە شـەڕەکانیدا بەتایبەتـی ئـەو لەشکرکێشـیەی بۆداگیرکردنـی زامـوا و شـارەزوور دایناب‌ـوو، توانـی هەمووناوچـەی زامـوا بخاتـە ژێردەسـتی خۆیـەوە بەگرتنـی شـاری زامـرو، پاشـان سـوپاکەی کشـاندەوە بۆشـاخی (لارا) لـە ناوچـەی (لولـو) کـە پێـی دەوترێـت شـاری (اراكـدي)، بـەم شـێوەیە سـەرجەم سـەرکردەکانی تـری ناوچەکـە ملکەچـی خۆیـان بۆنوانـد، بـەوەش هەمووناوچەی شـارەزور بـووە بەشـێک لـە ئیمپراتۆریەتـی ئاشورلەسەردەسـتی ئاشـورناسرپاڵی دووەم، وەک لـەم دەقـەدا هاتووە:-(لـە شـاری زامـروە ڕۆشـتم بۆشـاخی لارا...لەگـەڵ جوڵاندنـی گالیسکەسـەربازیەکان وسـوپاکەمدا چـووم بۆشـاری (توکلوتی-ئاشور-ئیسـبات) کـە لولـوکان پێـان دەوت (ئاراکـدی)، هەمـوو پاشـاکانی زامـوا ترسـان لەبـەردەم چـەک وگەورەیـی دەسـتەڵاتمدا لەبەرپێمـدا چەمانـەوە، پێویسـتم کـرد لەسـەریان بـاج وسـەرانەی زیاتـر بـدەن، ئەگەرچـی پێشـتر ئەمانـەم لێسـەندبوون، وەک زێـر، زیـو، قەسـدیر، برۆنـز، تەختـەی برۆنـز، پۆشـاکی ڕەنگاورەنـگ و تابلـۆی نەخشـێنرا و ئەسـپ ومانـگا ومـەڕ و شـەراب ..) (الـبرت كـيرك كرايسـون: ، ٢٠٠٤،ص ٣٥) بـەم کارانەشـی توانـی شـارزور بکاتـە پێگەیەکـی بەهێـزی خـۆی، لەهەمـان کاتـدا بەتاڵانیەکـەی زۆرەوە کـە لـەڕووی ئابوریـەوە بایەخـی گرنگـی هەبـوو گەڕایـەوە نەینـەوای پایتەختـی ئاشـور،هەروەها ڕێگـەی خۆشـکرد بـۆ پاشـاکانی دوای خـۆی کـە بگەنـە ناوچەکانـی تـری زاگـرۆس.

## دەرئەنجام وپێشنیار:

ئـەوەی لـەم توێژنەوەیـەدا دەردەکەوێـت گرنگـی وبایەخـی شـارەزووره لەسـەردەمی ئاشـوریەکاندا، بەتایبەتـی سـەردەمی پاشـا ئاشـورناسرپاڵی دووەم کەزۆرتریـن لەشکرکێشـی بۆئـەم ناوچانـە ئەنجـام داوە. ئەمـەش وەکـو بەشـێکی گرنـگ لەمێـژووی ناوچەکـە دادەنرێـت لـە تۆمارکردنـی نـاوی شـوێن و شـار و شـاخ وروبـارو پاشـاکانی وڵاتـی زامـوا ودەشـتی شـارەزوور. گرنگـی ئـەم شـوێنە لـەڕووی سـەربازی وئابـوری ومرۆییـەوە دەخاتـەروو لەروانگـەی گەلانـی بێگانـەوە کەچـۆن هەوڵـی داگیرکردنیـان داوە وتـاڵان ودەسـتکەتی باشـی ئابوریـان هەبـووە، بۆیـە بـەردەوام لەهەوڵـی داگیرکـردن وتاڵانکردنیدابـوون. سـەردەمی ئاشـوری نـویٚ زۆرتریـن هێـرش ولەشکرکێشـی کراوەتـە سەرکوردسـتان وسیاسـەتی سـوتان و تـاڵان و ڕاگواسـتن وکۆمەلکیـژی دانیشـتوانی جێبەجێکـراوە. هەروەهـا ئـەم لەشکرکیشـیانە ئـەوە دەردەخـات کـە ئـەم هەرێمـە هەمیشـە هەوڵـی داوە بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆیانە بژیـن وەک گەلێکـی ئـازاد وسـەربەخۆ هەرگیـز ژێردەسـتیان لاپەسـەند نەبـووە. بۆیـە زۆرجـار شـۆڕش وڕاپەڕینیـان ئەنجـام داوە دژی ئاشـورناسرپاڵ. لەبەرئـەوە نـاوی پاشـاکانی وڵاتـی لولـو و زامـوا و دەشـتی شـارەزور لـە بەردەنوسـەکانی ئـەم پاشـا یـەدا هاتـوە. لـەم ڕوانگەیـەوە زۆر گرنگـە توێژەرانـی بـواری مێـژووی دێریـن وشـوێنەوارناس وشارسـتانی بایەخـی زیاتربـدەن بـەم ناوچـە دەوڵەمەنـدە بەشـوێنەوار وپاشـماوە شارسـتانیەتەکانی دەشـتی شـارەزوور لـە دەقەسـومەری وئاشـوریەکان وئەکـەدی وبابلـی و ...هتـد دا. لەسـەردەمە جیاوازەکانـی میـژووی دێرینـی کوردسـتاندا.


پاشکۆکان:

نەخشەی
ژمارە(١)
ناوی
شوێن




وناچەکانی زاموا وشارەزوور

DIAKONOFF,I,M.",MEDIA"THECAMBRIDGEHISORYOF IRAN,VOL(2),CambridgeUniverstyPress,1985,p99.





نەخشەی ژمارە(٢)

ناوی شاخ ودەربەند وهەندێ شوێنی گرنگی شارەزور

Mark Altweel, , NEW INVESTIGATIONS IN THE ENVIRONMENT, HISTORY, AND ARCHAEOLOGY OF THE IRAQI HILLY FLANKS: SHAHRIZOR SURVEY PROJECT 2009–2011

*Calculated Frightfulness of Ashur Nasir Apal* 263




MAP No. IV

نەخشەی ژمارە(٣)

شوێنی شارەزوور لەناوچەکەو

ڕێڕەووشوێنی لەشکرکێشیەکانی ئاشورناسرپاڵی دووەم بۆسەر شارەزوور

A. T. Olmstead: The Calculated Frightfulness of Ashur Nasir Apal, JSTOR ,Journal of the American Oriental Society,Vol. 38 (1918), pp. 263 .

Published by: American Oriental Society. https://www.jstor.org/stable/592609


## ملخص البحث :

ان هـذا البحـث الموسـوم ب ((شـهرزور قـي نصـوص الملـك الاشـوري أشـورناصر بـال الثـاني(٨٨٣-٨٥٩ق.م) يسـلط الضـوء عـلى احـدى اهـم المناطـق في بـلاد زامـوا وهـي منطقـة (شـهرزور)، التـي وردت في كتابـات هـذا الملـك الاشـوري نظـرا لاهميـة المنطقـة مـن الجوانـب الاقتصاديـة والسياسـية والاسـتراتيجية عنـد الاشـوريين، ان هـذه الدراسـة تتنـاول عـن الحمـلات العسـكرية الثـلاث التـي ارسـلها الملـك الاشـوري المذكـورالى هـذه المنطقـة للسـيطرة عليهـا ، تـم تقسـيم هـذا البحثـالى مبحثـين: المبحـث الاول خصـص للحديـث عـن اهميـة منطقـة شـهرزور مـن النواحـي السياسـية والاسـتراتيجية عنـد الملـك اشـورناصربال الثـاني الـذي احتـل هـذه المنطقـة ومدنهـا وقـام بنهبهـا وتدميرهـا ، كـما اشـار هـذا المبحـث الى المقاومـة التـي ابداهـا حـكام شـهرزور ضـد السـلطة الاشـورية ، امـا المبحـث الثـاني فقـد تنـاول عـن نشـاطات وحمـلات الملـك الاشـوري المذكـور عـلى منطقـة شـهرزور لاسـيما حملاتـه الثـلاث حيـث اسـتطاع في النهايـه السـيطرة عليهـا والحاقهـا بالامبراطوريـة الاشـورية


الكلمات الدالة: تاريخ كوردستان القديم ، حضارة الكورد و كوردستان ، تاريخ الكورد

# Shahrezur in the Reign of King (Ashor Naser Bal II) (٨٥٩-٨٨٣ BC)


## Abstract

The research is under the title (Shahrezur in the reign of King (Ashor Naser Bal II) (883859- BC). Shahrzour area is one of the important areas in the country of Zamoa. It also means the area was of great economic significance and In his writings, the Assyrian king referred to the military campaigns against the land of Zamoa and the Shahrezur region. This study carries with it all these three famous military campaigns of King. which makes the Shahrezoru region show a set of facts regarding this historical period and all the political, diplomatic, military and civilizational relations between the Assyrians and the rulers of the Shahrezur region at the time. In order it may divide the research into two sections: The first section was dedicated to the importance of the Shahrezor region in the political and strategic aspects of (Ashurnasirpal II), and why he chose this region and the occupation of its cities and rob the wealth and destruction caused by the Assyrians. It also declares the reaction of the rulers of that region against the Assyrian authority. The second section is devoted to talking about the activities of Ashurnasirpal II, especially in the mountainous areas to the east, where he expanded the Assyrian influence over the mountainous regions and within the recognition of the sovereignty of Assyria by the people that were then outside the Assyrian influence, so he had to carry out his three famous campaigns. As it comes in the texts and Stone cuneiform tablet with an inscription of his famous campaigns.


Keywords: Ancient History of Kurdistan, Kurdistan Civilization, Kurds History.

## پەراوێزەکان وسەرچاوەکان:

## یەکەم: پەراوێزەکان:

(١)شانشینی سیموروم-Simurrum) بەیەکێک لەشانشین ودەوڵەتەکانی سەردەمی سومەروئەکەد دادەنرێت لەسەدەی ٢٤پ.ز تا سەدەی ١٨پ.ز ناوچەگرنگ وسەرەکەیەکانی شارەزور بووە، بە ناوچەکانی شارەزورودەوروبەی وتراوە.( ) Mark Altweel ; (p١٠,٢٠١١

(٢)شاخی(Nisir-Kinipia. (النصیر،کینیبا) پیرەمەگرونی ئێستا دەکات: کرایسون، الکتابات الملکیة ، ص ٣١.

(٣)لوللوبوم-Lullubum) ناوێکی ترە لەناوەکانی ناوچەی شارەزور کەبۆ کۆمەڵەخەلکێک بەکارهاتوون لەوناوچەیەدا ژیان ولەلایەن ئەکەدیەکانەوە لە هاوشانی ناوی سیموروم دا. Mark Altweel ; 2011,p10)

(٤) بەپێی نوسنیەکانی یاوقوتی حموی ناوی شارەزور ەگەڕێتەوە بۆدوو وشەی لێکدراوی (شهر-زور) شهر بەمانای (شار) دێت لەزمانی فارسیدا، (زور) ناوی کوڕی زوحاکە کەئەناوچەیەی ئاوەدان کردۆتەوە، واتە (شاری زور) دواتر بووە بە شهرزور لەزمانی عەرەبیدا. بڕوانە (یاقوتی حموی:محجم البلدان،ج٣، ص٣٧٥)

(٥) شاری ئاشور: دەکەوێتەلای چەپی روباری دیجلەبەدوری ٩کم رۆژئاوی شەرگات، یەکەم پایتەختی ئاینی ئاشوریەکانە. p٢٢٤,٢٠١٧،Paul Bahan - Brian Fragan(

(٦)کیلزی:. کالیزی،کیلزو،کاکزو،کالح،لەقەسر شەمامک لەنزیک گوندی تەیران ٢٥کم لەباشوری رۆژئاوای هەولێرەوەلەسەررێگای هەولێر-نەمرود. .Roualt: Qasr Shemamok-Kilizu project,2011, p45

Hannon, N: Studies in The Historical Geography of Northern Iraq,1985.P 291 – 292

(٧) زامـوای پێشـەوە: ناوچەیەکـی بەرینەلەدەربەنـد بازیانەوەتاسـەرچاوەی ئاوەکانـی روباری سـیروان ودەشـتی بەرینی شـارەزوور (Sawbi)تـا دەربەنـدی نامـار (Namar). هەروەهـا زامـوای پشـتەوە - زامـوا الداخليـة ،ناوچەکانـی ورمـێ تاموساسـیرلەرەواندوز. بڕوانە:

.Nashef,KH ,Repertoire Geographiqede stexts Conformes ,Band (5)Wiesbaden,1982,p113

(٨))زامرو(Zamru-Zamri ) پایتەختی وڵاتی زاموایەلە لەدەشتی شارەزور.:

p٢٣٤ ,( ٣٨ .Olmstead A. T., JSTOR,Vol

هەروەهـا (امیـکا (Amika)، اراسـتیدکو (Arasitka)، امـارو ( Ammaru)، بارسـیندو (Parsindu)، ایریتـو (Iritu)) ، سـوریتو ( Surita) هەموویـان دەکەونـە دەوری زامـري (Zamri) پایتەختـی زامـوا.: Hannon، N. Op. Cit. P ٣٨٦

(٩) داگارا) یـان داکارا :دەکەوێتـە باکـوری دۆڵـی بازیانەوە،یەکێکـە لـە وشـارانەی ئاشـورناسرپاڵ داگیریکردوە.بڕوانـە: ,Parpola.S p٩٦ .١٩٧٠.Neo- Assyrian Toponyms

(١٠)دەربەنـدی (بابیتـي - بابیتـو (Babite) لەسـەرچاوەکانی پاشـا ئاشـور نـاصر بالـی دووەمدابەشـارێکی هەرێمـی زامواهاتـووە، بەوتـەی سـپایزەریش ئـەم شـارەدەکەوێتەدەربەندی تەکیـە- بازیانـەوە لەنێـوان چەمچەمـاڵ وسـلێمانیدا.بروانە:

Spieser,E,A,"Southern Kurdstanin the Annals of Ashur-Nasir-Pal and today"AASOR,27,1926,p27

(١١) شاری (دور-تالیتی)، واتە قەڵای چەمچەماڵ، لەسەرچاوەئاشوریرکندا بەم شیوەیەهاتووە.(Dur-talite)

Spieser,E,A," today"AASOR,27,1926,p17

(١٢) ئوزو: دەکەوێتە باکوری دەربەند بازیانەوەبە٥کم لەسەرڕێی سلێمانی(.:Hannon, N:,.P 381 )( Uze

(١٣)وبیروتو: ئەمانەدەکەونەباکوری دەربەند بازیانەوەبە٥کم لەسەرڕێی سلێمانی(.:- Biruttu – Birutu )

. ٣٨١ Hannon, N:,.P

(١٤) لاگالاگا: دەکەوێتە نزیک تەیناڵ لە گوندی ئولوبلاخ ،لەسەرچاوەئاشوریەکاندا بەم شێوانەهاتووەوەک:

LagaLaga)- (Tagulagi-Lagabgalagi ، Lagalaga ) (Ulubulogh (Hannon, N:,.P 381(

(١٥( رادانـو (Radanu): ئـەم روبـارە بـە عوزێـم دادەنرێـت، بـەڵام بەپێـی نوسینەکانی ئاشـورناسرپاڵ بیت روبـاری دۆڵـی بازیانەکە بەم شـێوەیەهاتوە (ra – da (-a) nu) بڕوانە : Hannon N. P 310 .

(١٦) بونـاسي (Ur Bu – Na – A – Si ) یەکێکـە لەشـارەگرنگەکانی زامـوا، دەکەوێتـە باکـوری رۆژهەڵاتـی شـارەزوروە. .Parpola.S ٣٨١ Hannon, N. P – ٩٤ P.

(١٧) ( Larbusa-لاربۆسا)ش شاریکی تری زاموایە دەکەوێتەباکوری شاخی پیرەمەگرونەوە.

Hannon N. P 284.-. Parpola.S, P 225)

شاری بارا دەکەوێتەباکوری رۆژئاوای سلێمانی نزیک تاسلوجە.بڕوانە Hannon N.,. P ٣٨١

(١٨) دور- لوللومـي (Dur – Lullume): مدينـة مـن مـدن زامـوا، احتلهـا آشـور نـاصر بـال الثـاني مـع مـدن لاربوسـا و بونـاسي و بـارا.: Hannon ..N., Op. Cit. P. 382

شارێکی تری گرنگی زاموایە لەباشوری رۆژئاوای تاسلوجە Dur – Lullume

(١٩) بـارا ، بارایـن، بەمانـای شـاری بـارا (Bara ) دێـت نزیـک دەروازەی تاسـلوجە لەباشـوری رۆژئـاوای شـاخی پیرەمەگـروون . P ،Hannon ٣٨١

(٢٠) اراکـدی (Arrakdi): ئـەم شـارە دەکەوێتـە گونـدی بنگـرد یـان دەشـتی شـارەزورەوە.: Hannon N. Op. Cit. P ٣٨٠، أو بـەم شـێوەیەش هاتووە (Parpola. S. P.) ٣١ Uru ar – ra – ak – di / Uru a – ra – ak – di )

(٢١)Ništun – nispi: دەکەێوتە نزیک شاخی هەورامان ::

Spieser,E,A,، AASOR,27,1926,p19.. N., Op. Cit. P 384. Hannon

(٢٢) )(Simaki): لەسەرچاوەئاشوریەکاندابەشێوەی (Kur si – ma – ki ) هاتووە واتە شاخی سەگرمەیە.

Spieser,E,A,AASOR,1926,p25.- N Hannon. t. P 385

(٢٣) ازيرو (Aziru ) أو (Kur a – zi – ra ) بەشاخی ئەزمەڕ دادەنرێت...Parpola. S. P ٥٥

(٢٤) اتليلا: (Atlila) لەسەرچاوەئاشوریەکاندابەشێوەی (Uru at-li – la)دەکەوێتەدەشتی شارەزووەرەوەگردی شوێنەواری شاری بەکرئاوایە بڕوانە: parpola. S, P .-Diakonoff,I,M,.,p٦٠ ٥٥ هەروەهاشاری ( آمالي )-(Ammali)دەکەوێتە پشت روباری سیروان نزیک شاری هەڵەبجە لەباکوری دەشتی شارەزوور.لەسەرچاوەی ئاشورناسرپاڵدا بەم شیوەیەهاتوە(Ammali / Mamali).لەنزیک ئەمیش شاری لای باکوریەوە شاری خودون (Ĥudun)هەیەکەسەربەئامالی بووە بڕوانە: Hannon,N, p٤٠١,

(٢٥)شاری(سیبیر-Sibir-Simbar-Sipak ناوی هاتووە ئەم ناوە لەکۆندا بۆشارەزور بەکار هاتوە لەلایەن کاشیەکانەوە.( Mark Altweel ; p١٠,٢٠١١)) ودواتر ئاشوریەکان ئاوەدانیان کردەوە و ناویان ناوە شاری (دور-ئاشور-Dur-Ashur)، لەئێستادا بەشوێنەواری گردی بەکراوەی دەشتی شارەزور دادەنرێت بەپێی توێژینەوەکانKristina Sauer,Hedilberg, p١,٢٠١٣-٣.

(٢٦)(دور-ئاشور-Dur-Ashur)، بەگردی بەکراوەی دەشتی شارەزور دادەنرێت Kristina Sauer,Hedilberg, p١,٢٠١٣-٣- p١,٢٠١٠,Peter.A.Migls:Bakr Awe Excavetion Project.

(٢٧) (تورنات-توران)لەسەرچاوەئاشوریەکاندا بەوشێوەیەهاتون بە روباری سیروان وتراوە (Turnat ):
Parpola. S.Op. Cit. P. ٣٦٠.

(٢٨)شاری (ئامالی- Ammali) لە دەشتی شارەزوور، . ( 233p (1918) 234-Olmstead: A. T.

(٢٩)خودون (Hudun): ئەم شارە دەکەێتە باکوری آمالي (Ammali )یەوە لەدەشتی شارەزور: Hannon, N.. P 4٠١

(٣٠) )زامرو(Zamru-Zamri ) پایتەختی وڵاتی زاموایە لە دەشتی شارەزور.:
Olmstead A. T., JSTOR,Vol. ٣٨ ), p٢٣٤.

(٣١) ) لارا: (kur la - a – ra) شاخی کوڕەکاژاو یان کوردوان لەرۆژهەڵاتی شارەزوور نزیک شاری زامرو Spieser,E,A,AASOR,1926,p٢٤.- - Parpola. S.Op. Cit P٢٢٤.

(٣٢) ( بیدرجی: (Kur Bidirgi) دەکەوێتە نزیک زامرو لەدەشتی شارەزور ونزیک دەروازەی پێنجوێن.بڕوانە:
Spieser,E,A,AASOR,1926,p٢١ -٧٢.Parpola, S., Op.Cit, p.

(٣٣) ایدیر: روباری قزڵچەیە یەکێکە لە لقەکانی زێی بچوک لە ناوچەی چوارتای ئەمرۆ ، Hannon N.. P ٣٨٢. ...ParpolaS P ١١٦

## دووەم سەرچاوەکان:

## یەکەم / بەزمانی ئینگلیزیی وبیانیی:


(1) Louis, D.L Iran.,Vol.XI.,(Geographical Students in the New-Assyrian Zagros), London،1973,

(2) Simith, E,P: World History, The Struggle for Civilization،copyright,1944,

(3) Paul Bahan and Brian Fragan: The Iron Age and the Ancient World 1000 BC- 500 AD, 2017,Archaeology the World History,Thames and Hudson,London.p224

(4) Hannon, N: Studies in The Historical Geography of Northern Iraq,TORINTO,1985.

(5) O. Roualt: Qasr Shemamok-Kilizu project,2011, p45.

(6) Herzfeld E., The Persian Empire .Studies in Geography and Ethnography of The Ancient Near East (Wies baden) , 1968.

(7) Reade,J,R, Iran in the Neo Assyrian Period, Neo– Assyrian Geography.

Mattias Karlsson: Early New-Assyrian State Ideology, Relations of power in the Inscriptions and Iconography -(8)
.,Uppsala University ,2013,(824-and Shalmaneser III (858(859-of Ashurnasirpal II (883
Ephraim A. Speiser: Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today، JOURNAL JOSOR، ( 9)
Vol. 8 (1926 – 1927( The Annual of the American Schools of Oriental Research ، )https://www.jstor.org/
).stable/3768524?read-now
..Grayson, A.K: Assyrian Rulers of the Early First Millennim B.C.Vol (2), 2002 (10)
,Nashef, KH, Repertoire Geographiqedes texts Conformes, Band (5)Wiesbaden,1982 (11)
A. T. Olmstead: The Calculated Frightfulness of Ashur Nasir Apal, JSTOR ,Journal of the American Oriental (12)
,(Society,Vol. 38 (1918
.Published by: American Oriental Society. https://www.jstor.org/stable/592609
،Isik, C. "untersuchungen Zu Einem Urartaischen Gottertydus" AMAI, Band(18),1985 (13)
,Olmstead,A,T, .History of Assyrian,Chicago,1960 (14)
,Diakonoff, I,M: MEDIA THE CAMBRIDGE HISORY OF IRAN, VOL (2) ,Cambridge Universty Press,1985 (15)
,Hall,H,R, the Ancient History of Near East,London,1952 (16)
. Rogers, R. W. A history of Babylon and Assyrain, vol, (II),1990 (17)
,Sagges,H,."The Land of Kirruri "Iraq,Vol(2), London 1998 (18)
.Parpola.S, Neo- Assyrian Toponyms.1970 (19)
.,Sir.Leonard Wooley; The beginning of Cicilization,1964 (20)
,Mark Altweel ; Shahrizor survey project , University College of London,2009 (21)
Mark Altweel,A.Marsh,S.Muhl,O.Oliver,K.Radner, K.Rashed,S.A,Sabir , NEW INVESTIGATIONS IN (22)
THE ENVIRONMENT, HISTORY, AND ARCHAEOLOGY OF THE IRAQI HILLY FLANKS: SHAHRIZOR
.SURVEY PROJECT 2009–2011
D.D.Luckenbill, Ancient record Assyria and Babylon,Volume 1,Historycal Records of Assyria from the (23)
.earliest time to SargonUniversity of Chicago,1926 ,Oi.uchicago.edu
Kristina Sauer,Hedilberg,Archeokogical Research in the Kurdstan Region of Iraq,2013(24)
.Peter.A.Migls:Bakr Awe Excavetion Project,2010 (25)

دووەم / بەزمانی عەرەبی:

البرت كيرك كرايسون،: الكتابات الملكية لـ آشور ناصربال الثاني، تر، صلاح سليم علي، ط١، اربيل، ٢٠٠٤،(١)
(٢) ريبر جعفر البرواري : الحملات العسكرية الاشورية في كوردستان ( ٩١١ ـ ٦١٢ ق . م ) ارسيل ،٢٠١٢) .
(٣) ياقوتى حموى:محجم البلدان،ج٣،دارصارد، ص،ب،رقم ١٠،بيروت،
هاري ساكز: قوة اشور، ترجمة عامر سليمان، مطبعة المجمع العلمي، بغداد، ١٩٩٠ (٤)
طه باقر، وآخرون: تأريخ العراق القديم، ج١،٢، جامعة صلاح الدين،١٩٨٧ (٥)
محمود امين: (مسلة طوبزاوه كێلة شين)، سومر ج٢،مجلد الثامن.١٩٥٢ (٦)
(٧) يانكوفسكا،: بعض القضايا الاقتصادية في الامبراطورية الآشورية ؛، الفصل السادس، العراق القديم، جماعة من علماء الاثار السوفيت، ترجمة، سليم طه التكريتي، بغداد، ١٩٧٦.